هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێری ودارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

اقليم كوردستان ـ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة الشؤون الإدارية والمالية
مديرية الادارة

ژمارە: ٧٠٥٥ No:

ڕێکەوت: ١٠/ پوشپەڕ/ ٢٧١٢ ی کوردی Date: ١/٧/٢٠١٢

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرکردە Council of Ministers

**فەرمان**

لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی بە نووسراویان ژمارە (٨١٥٣) لە ٢٠١٢/٥/٢٧، لەبەر بەرژەوەندی گشتی و یەک بوونەوەی سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، وە ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (٥) لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢٣ تایبەت بە پەسندکردنی پلان و بەرنامەکاری وەزارەتی تەندروستی لە کابینەی حەوتەم، بریارماندا بە:

یەکەم: کردنەوەی (٦) شەش نۆرینگەی ڕاوێژکاری لە هەریەک لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر و دهۆک) لەسەر میلاکی وەزارەتی تەندروستی هەروەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی پەیرەو دەکرێت، بەپێی ڕێنماییەکانی هاوپێچی نووسراوی سەرەوەی وەزارەتی تەندروستی کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم فەرمانەیە.

دووەم: خەرج کردنی بڕی (٧٥٠٠٠٠٠٠٠) حەفت ملیار و پێنج سەد هەزار دینار بۆ نۆرینگە ڕاوێژکارییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر و دهۆک لەسەر میلاکی وەزارەتی تەندروستی، و خەرجکردنی ئەو برە پارەیەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١. بڕی ٢٥٠٠٠٠٠٠٠ دووسەد وپەنجا ملیۆن دینار بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و ئامێر بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.

٢. بڕی ٢٥٠٠٠٠٠٠٠ دووسەد وپەنجا ملیۆن دینار بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و ئامێر بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک.

٣. خەرجکردنی بڕی ١٥٠٠٠٠ سەد وپەنجا هەزار دینار مانگانە وەکو (اجور) بۆ هەر فەرمانبەرێک کە لەو نۆرینگانە کاردەکات جگە لەو مووچانەی کە وەریدەگرن، و مانگانە بە لیستێک ئەو ناوانە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی وئابووری بەمەبەستی خەرجکردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان.

٤. خەرجکردنی اجور بۆ ئەو پزیشکانەی کە لە نۆرینگەکان کاردەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. ئەوانەی (خاوەن بروانامەی بۆردن و ڕاژەکەیان لە ١٠ دە ساڵ و بەرەو ژوورە) بە بڕی ٩٢٥٠٠٠ نۆسەد وبیست وپێنج هەزار دینار دەبێت، ئەوانەی ڕاژەکەیان لە ١٠ دە ساڵ کەمترە بڕی ٨٥٠٠٠٠ هەشت سەد وپەنجا هەزار دیناری بۆ خەرج دەکرێت.

Kurdistan Region - Erbil
Phone: +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail: council_of_ministers@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون: ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ - ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+

٢٠١٢/٠٦/٢٨

ژمــارە : No :

ڕێکەوت : / / ٢٧ ی کوردی / / Date: / /

پ. ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی ماجستێرن لەسەر بنەمای ڕاژەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت:

- لە ١٥ پانزدە ساڵ زیاتر بێت، بڕی ٩٢٥٠٠٠ نۆسەد وبیست وپێنج هەزار دینار دەبێت.
- لە ١٢ دوانزدە ساڵ تاوەکو ١٥ پانزدە ساڵ، بڕی ٨٥٠٠٠٠ هەشت سەد وپەنجا هەزار دینار.
- لە ٨ هەشت ساڵ تاوەکو ١٢ دوانزدە ساڵ، بڕی ٧٧٥٠٠٠ حەوت سەد وحەفتا وپێنج هەزار دینار.
- لە ٨ هەشت ساڵ کەمتر، بڕی ٧٠٠٠٠٠ حەوت سەد هەزار دیناریان بۆ خەرج دەکرێت.

ج. ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی دبلۆمن، لەسەر بنەمای ڕاژەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت:

- لە ٢٠ بیست ساڵ زیاتر بێت، بڕی ٩٢٥ نۆسەد وبیست وپێنج هەزار دیناریان بۆ خەرج دەکرێت.
- لە ١٥ پانزدە ساڵ زیاتر بێت، بڕی ٨٥٠ هەشت سەد وپەنجا هەزار دیناریان بۆ خەرج دەکرێت.
- لە ١٠ ساڵ تاوەکو ١٥ پانزدە ساڵ، بڕی ٧٧٥٠٠٠ حەوت سەد وحەفتا وپێنج هەزاریان بۆ خەرج دەکرێت.
- لە ١٠ دە ساڵ کەمتر، بڕی ٧٠٠٠٠٠ حەوت سەد هەزاریان بۆ خەرج دەکرێت.

د. پزیشکانی ڕاهێنراو لە کاتی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕدا بڕی ٦٢٥٠٠٠ شەش سەد وبیست وپێنج هەزار دیناریان بۆ خەرج دەکرێت.

سێیەم: وەزارەتی دارایی وئابووری ڕێنمایی دارایی پێویست بۆ دانانی مەرج وضوابط و ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە دەردەکات.

هاوپێچ:
وێنەیەک لە ڕێنماییەکان

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێری ودارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

اقليم كوردستان ـ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة الشؤون الإدارية والمالية
مديرية الادارة


No :                                                                 ژمـــارە :

Date:      /      /                    ڕێکەوت :      /      /      ٢٧ ی کوردی

وێنەیەک بۆ:

- وەزارەتی تەندروستی/نووسینگەی وەزیر/ نووسراوتان لەسەرەوە بۆ کاری پێویست لەگەل ڕێزدا..
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ کاری پێویست لەگەل ڕێزدا..
- کارگێری.
- دۆسیەی گشتی
- خولاو.


Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail: council_of_ministers@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون: ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ — ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+

# ڕێنماییەکانی "کلینیکە پسپۆڕییەکانی ئێواران "

١- نرخی پسوولەی پشکنینی نەخۆش ٣٠٠٠ دینار و گوێ ئەو نرخە بۆ پزیشک دەبێت، ٥٠٪ی خزمەتگوزاری کە پزیشک ئەنجامی بدات وەك پزیشکی نەشتەرگەری ژنان و قورگ و گوێ بۆ خۆی دەبێت وەئەگەر کارمەندی بەشەکە ئەنجامی بدات ٢٥٪ بۆ پزیشك و ٢٥٪ بۆ کارمەند دەبێت.

٢- نرخی پسوولەی پشکنینی ددان ١٥٠٠ دینار لە کۆمەڵگەی ددان ٥٠٠ دیناری بۆ پزیشکی پشکنین دەبێت و ١٠٠٠ دیناری بۆ پزیشکی چارەسەر دەبێت، بەڵام لە کلینیکەکانی تر کە کۆمەڵگە نین ١٥٠٠ دینارەکە بۆ پزیشکەکە دەبێت کە لەهەمانکاتدا چارەسەر دەکات و کاری چارەسەرەکانیش ٥٠٪ی بۆ پزیشکی چارەسەر دەبێت وەلە ٥٠٪ی بۆ داهات دەبێت بەپێی نرخی لیستی هاوپێچ، بەڵام بری خەرجکراو بۆ پزیشکی تقویم نابێ لە ٥,٠٠٠,٠٠٠ دینار تێپەڕێت.

٣- نرخی پشکنینی لیژنەی چاو بۆ مۆڵەتی شوفێری بری ٣٠٠٠ دینار وەردەگیرێت لە ئێواراندا ڕێژەی لە ٩٥٪ی بۆ پزیشك دەبێت وەڕێژەی ٥٪ی بۆ کارمەندانی لیژنەکە دەبێت.

٤- نرخی پشکنینی سۆنەر ٥٠٠٠ دینارە ئەگەر ئامێری سۆنەرەکە ئامێری کلینیکەکە بێت ٥٠٪ی بۆ پزیشك دەبێت و ٥٠٪ی بۆ داهات، بەڵام ئامێری سۆنەرەکە پزیشکەکە خۆی دابینی بکات لەو برە ٤٠٠٠ دیناری بۆ پزیشك دەبێت و ١٠٠٠ دیناری بۆ داهات دەبێت.

٥- نرخی تیشکی MRIی بۆ هەر تیشکێك ٧٥٠٠٠ دینارە لە ٢٠٪ی بۆ پزیشك ئەگەر کلینیکی تایەتی خۆی نەبێت ١٥٪ بۆ ئەوانەی کلینیکی تایەتیان هەبێت وەلە ١٠٪ی بۆ کارمەند و ئەوەی مایەوە بۆ کرینی پێداویستی بەشەکە دەبێت.

٦- نرخی تیشکی CT بۆ هەر تیشکێك ٤٥٠٠٠ دینارە بری ١٠,٠٠٠ دینارە هەمووی بۆ پزیشك دەبێت و ٥٠٠٠ دیناری بۆ کارمەندی بەشەکەیە.

٧- نرخی پشکنینی پزیشکی ناظور بینینی نەخۆش ٣٠٠٠ دینارە هەمووی بۆ پزیشکەکە دەبێت وەهەمان پزیشك نرخی چارەسەرەکانی ٦٠٪ی بۆ پزیشك دەبێت وەلە ٢٠٪ی بۆ کارمەندانی بەشەکە دەبێت و نرخی پشکنینەکانیش هەمان نرخی بەیانیانە.

٨- پزیشکی هاوسەرگیریی لە تاقیگەی گشتی نرخی پسوولەی ٣٠٠٠ دینارە بری ١٥٠٠ دیناری بۆ پزیشکی تەندروستی و کۆمەڵ دەبێت وەك سەرپەرشتیار و ١٥٠٠ دیناری بۆ تاقیگەکە دەبێت. نرخی پشکنینەکانی پزیشکی تاقیگە ٥٠٪ی بۆ پزیشك دەبێت بەمەرجێ ٣,٥٠٠,٠٠٠ دینار تێنەپەڕێت و لە ٥٠٪ی بۆ کارمەندانە بەمەرجێ لە ٨,٠٠,٠٠٠ دینار تێنەپەڕێت لەگەڵ بری هاوکاری مانگانەیان لە ١,١٥٠,٠٠٠ دینار تێنەپەڕێت جگە لە هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای کیمیاویی و بایۆلۆجی مانگانە بەبری هاوکارییەکەیانەوە لە ١,٦٠٠,٠٠٠ دینار تێنەپەڕێت.

٩- نرخی تیشکی ئاسایی تیشکی بچووك ٣٠٠٠ دیناره و تیشکی گەوره ٤٠٠٠ دیناره ڕۆژانه تا ١٠ تیشك کارمەندەکە تەنها بڕی هاوکارییەکە وەردەگیرێت وەزیاتر لە ١٠ تیشك ٣٠٪ی بۆ کارمەندەکە دەبێتی بەمەرجێك لە ٣٠٠,٠٠٠ دینار تێنەپەڕێت.

١٠- ڕاکێشانی خوێن بۆ هەر ڕاکێشانێك ٥٠٠ دیناره ڕۆژانه لە ٣٠ سامپڵ زیاتر ٥٠٪ی بۆ کارمەندی بەشەکەیە بەمەرجێك لە ٢٥٠,٠٠٠ دینار تێنەپەڕێت.

١١- کارمەندی ڕاهێنانی سروشتی نرخی هەر ئامێرێکی ڕاهێنان ٥٠٠ دیناره تا بەکارهێنانی ٤ ئامێر واته ٢٠٠٠ دینار زیاتر لە ٤ ئامێر هەر ٢٠٠٠ دینار وەردەگیرێت و ٤٠٪ی ئەو بڕە پارەیە دەدرێت بەکارمەندانی بەشەکە.

١٢- بەشی فریاکەوتن بەهەموو بەشەکانییەوە (هەناو، گشتی، منالان، منالبوون، سۆنەر) لە دوای دەوامی ئاسایی بڕی ٣٠٠٠ دینار وەردەگیرێت وەپارەکە بۆ پزیشکەکە دەبێت بەمەرجێك لە ٣,٥٠٠,٠٠٠ دینار تێنەپەڕێت. نابێت نۆرینگەی تایەتی خۆی هەبێت و ئەگەر زیاتر لە پزیشکێك دەوام بکات تەنها منحەکە بۆ یەکێکیان خەرج دەکرێت.

١٣- پزیشکی چاو پسوولەی پشکنینی ٣٠٠٠ دیناره هەمووی بۆ پزیشکەکە دەبێت و کاری پشکنینی چاو بە کۆمپیوتەر نرخی ٤٠٠٠ دیناره وەدەرهێنانی شتی دەرەکی لە چاو ٣٠٠٠ دیناره وەنەشتەرگەری (شیلازۆن) بۆ چاو نرخی ١٠,٠٠٠ دیناره ئەم کارانه لە ٥٠٪ی بۆ پزیشك دەبێت.

١٤- بەپێی پێویست پسووله بڕ دادەنرێت بۆ بەشەکان وەك (تاقیگە، هێلکاری، دەرزی لێدان، تیشك)، بەلام بۆ هەر پزیشك سکرتێرێك دادەنرێت وەلەهەمانکاتدا کاری پسووله بڕیش دەکات.

١٥- یاریدەدەری تاقیگەی ددان مانگانه بڕی ٢٢٥,٠٠٠ دینار هاوکاری هەیە لەگەڵ ڕێژەی ٢٥٪ی کاری دروستکردنی ددان (دروستکردنی تاقم سەرو خوار ١٥٠,٠٠٠ دیناره)، (دروستکردنی نیو تاقم ٧٥٠٠٠ دیناره) ، (دروستکردنی یەك ددان ٥٠٠٠ دیناره).

وەکاری دروستکردنی ددان بە سیرامیك لە تاقیگەی ددان لە دەرەوە بۆ هەر ددانێك نرخی ٥٠,٠٠٠ دینار وەردەگیرێت و بڕی ٢٠,٠٠٠ دیناری دەدرێت بە تاقیگەی دەرەوە بڕی ٢٥,٠٠٠ دیناری دەدرێت بە پزیشکی ددانەکە بڕی ٥٠٠٠ دیناری دەکرێت بە داهات بۆ کڕینی پێداویستی ددان.

١٦- مووچەی لێژنەی بالا لەگەڵ کاری ڕۆژانه بە کارگێران و ژمێریاری و ووردبینییەوە وەبەدواداچوونی تاقیگاکان بڕی (٤٠٠,٠٠٠ دینار + ١٥٠,٠٠٠ دینار)

١٧- ژمێریار و کارگێرانی کلینیکەکانی ناوشار بڕی (٣٠٠,٠٠٠ دینار + ١٥٠,٠٠٠ دینار).

١٨- ژمێریار و کارگێری کلینیکەکانی دەرەوەی شار (٢٥٠,٠٠٠ دینار + ١٥٠,٠٠٠ دینار).

١٩-هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا لە بایۆلۆجی و کیمیایی (٢٣٠,٠٠٠ دینار + ١٥٠,٠٠٠ دینار + ٥٠٪ی تاقیگەکەیان)

٢٠- مووچەی کارمەندانی (گەنجینە، چاکساز، کارپێکەری مۆلیدە، یاریدەدەری تاقیگە، کارگوزاری تاقیگە) مانگانە بڕی (١٧٥,٠٠٠ دینار + ١٥٠,٠٠٠ دینار) وەردەگرن وەکارگوزاری بەشەکانی تر (١٥٠,٠٠٠ دینار + ١٥٠,٠٠٠ دینار) وەردەگرن.

٢١- مووچەی (بایۆلۆجی، کیمیایی، سکرتێر، بلیت بڕ، کارمەندی بەشەکانی تر) بڕی (٢٠٠,٠٠٠ دینار + ١٥٠,٠٠٠ دینار).

٢٢- مووچەی ی. دەرمانساز بڕی (٥٠٠,٠٠٠ دینار + ١٥٠,٠٠٠ دینار) منحە.

٢٣- بڕی ٥٠٪ی نرخی دەرمان لە ئەستۆی هاووڵاتییانە و بڕی ٥٠٪ی لە ئەستۆی حکومەت دەبێت.

** ئەم پزیشکانە بەرێزانەی کە ئارەزووی کارکردنیان هەیە لەم نۆرینگە راوێژکاریانە، با سەردانمان بکەن بۆ وەرگرتنی فۆرمی تایبەت لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.

هەروەها کارمەندانی تەندروستی بەرێز دەتوانن داواکانیان لەرێگەی یاداشتێکەوە لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر. پێشکەش بکەن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی نۆرینگە میللی و ڕاوێژکاری

# فۆرمی پێشکەشکردنی زانیاری بۆ نۆرینگەکانی ڕاوێژکاری
# ئێواران- هەولێر

- ناوی چوارینە:
- کۆلێژ ______ سالی دەرچوون ______
- پزیشکی شارەزا ☐ پسپۆڕ ☐
- جۆری پسپۆڕی
- ڕێکەوتی وەرگرتنی بڕوانامەی پسپۆڕی
- ئەو شوێنی پێشکەشی دەکات
- شوێنی کارکردنی ئێستا
- بەشداری چەند خول و ڕاهێنانی کردوە:

______________________________

______________________________

______________________________

تێبینی تر: